# بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتی

(هەرێمی کوردستان بەنمونە)

**پ.ی.د.کارزان محەمەد ئەحمەد**
**پسپۆڕی یاسای میدیا- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**

**ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٤/١٥**

**پێشەکی:**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا، فاکتەرێکی گرنگی گەشەپێدانی پرۆسەی پەیوەندی بوو، ئەم گۆڕانکارییە مۆدیلێکی نوێی لە بواری میدیادا هێنایەئارا کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، توانیویەتی سەرجەم شێوازەکانی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لەخۆبگرێت، دەرفەتیش بۆ جەماوەر بڕەخسێنێ تا بەشداری لە ئاڵوگۆڕی پەیام و زانیاریدا بکەن.

هەرێمی کوردستان لەبەردەم شەپۆلی ئەم تەکنەلۆژیا مۆدێرنەدا، وێڕای سودوەرگرتن لە لایەنە ئەرێنییەکانی لەڕووی ئاسانکاریی پرۆسەی پەیوەندی، کۆمەڵێك لێکەوتەی جۆراوجۆری لەسەر سێکتەرەکانی کۆمەڵگا جێهێشتووە کە دیارترینیان ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و پیشە گرنگەکانی پەیوەست بەخزمەتی مرۆڤایەتییە.

فرەڕەهەندی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی، پێویستی بەتوێژینەوەی زانستییانە هەیە تا ئاست و جۆری کاریگەرییەکانی شرۆڤە بکرێت، بەتایبەتی لەسەر کاری کۆمەڵایەتی کە ئەمرۆ بۆتە دۆسیەیەکی زۆر گرنگی مرۆیی لەسەر ئاستی جیهانیش.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە تایبەتمەندییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و رۆڵی لە گەشەپێدانی کاری کۆمەڵایەتیدا تاوتوێ بکات، لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك ئەرك و مەترسیشی لەسەر بوارەکەو مافە تایبەتی و گشتییەکانی هاوڵاتیان و دامەزراوە فەرمییەکان دەستنیشان بکرێت، لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی گرنگ کە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی یاسایی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەهەمانکاتدا دیاریکردنی مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانیش بەمەبەستی بنەبڕکردنیان، چونکە تائێستا بەپێی ئاماری دادگاکانی کوردستان، هەزاران دۆسییە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندییەوە، ئاسایشی کۆمەڵگای کوردەواری خستۆتە بەردەم مەترسی لێکترازان و هەڵوەشانەوە، ئەرکی کاری کۆمەڵایەتیشی دژوارتر کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بەشێوازێکی ئەکادیمییانە شرۆڤەی لایەنی ئەرێنی و مەترسییەکان و رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی بکەین، پاشان مۆدیلێکی شیاو لەسەر بنەمای بەمیتۆدی زانستی بۆ مامەڵەکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بخەینەڕوو.

sjh@univsul.edu.iq

**پوختە:**

زانستی میدیا بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، رۆڵێکی کاریگەری لەپێشکەشکردنی چەندین خزمەتگوزاریی بۆ کۆمەڵگا هەیە، دیارترینیان کارئاسانییە لەئاڵوگۆری پەیام و پرۆسەی هۆشیاریی هاوڵاتیان بەتایبەتی بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار و پەرەپێدانی تواناکانی تاکەکەس و دامەزراوەکان بەهەموو رەهەندەکانییەوە.

تەوەرەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە (بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان)، بەمیتۆدێکی زانستییانە هەوڵ دەدات بۆ تاوتوێی ئامانجی توێژینەوەکە، تیشك دەخاتەسەر ئەرك و رۆڵە یاساییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی (بەتایبەت تۆرە کۆمەڵایەتییەکان) لەرەخساندنی دەرفەتی کاری کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی دەستی کار (سۆشیال وۆرکەر)، لەپێناو ئاشناکردنیان بەئەرك و دیسپلین و ماف و بەرپرسیارێتییەکانیان.

گرفتی توێژینەوەکەش، وێرای دیاریکردنی ئەرك و مافە یاساییەکانی میدیا لەو بوارەدا، چۆنییەتی ئاراستەکردنی میدیا بۆ چارەسەری ئاستەنگەکانی بەردەم کاری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستانیش دەخاتەڕوو.

باسی یەکەمی توێژینەوەکە، تاوتوێی رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە لە برەودان بە(کاری کۆمەڵایەتی). تیایدا چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو، هەروەها رۆڵی لە ڕەخساندنی دەرفەتی کاری کۆمەڵایەتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا شرۆڤە کراوە.

باسی دووەم تایبەتە بەمەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەپرۆسەی کاری کۆمەڵایەتیدا، لەسەر هەردوو ئاستی مافەکانی تاکەکەس و مافە گشتییەکان لەبەر رۆشنایی یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە.

لە باسی سێیەمدا، بەرپرسیارێتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەکاری کۆمەڵایەتیدا لەهەردوو ڕەهەندی پیشەیی و یاساییەوە، تاوتوێ کراون

لە بەشی پراکتیکدا، بەپشتبەستن بەمیتۆدی (گراوندد تیۆری) (grounded theory)و لەرێگەی (گفتوگۆی قوڵ) لەگەڵ پسپۆران، مۆدێلێکی شیاومان خستۆتەڕوو بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکانی میدیا، لەپێناو مامەڵەیەکی دروست بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کاری کۆمەڵایەتی لەدۆخی ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستاندا.

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێك پێشنیازو راسپاردە بۆ ئاراستەکردنی میدیای ئەلیکترۆنی بەئامانجی چاکسازیی و گەشەپێدانی کاری کۆمەڵایەتی پێشکەش کراوە.

چەمکە سەرەکییەکان: بەرپرسیارێتی میدیای ئەلیکترۆنی، کاری کۆمەڵایەتی، هەرێمی کوردستان

**باسی یەکەم: میتۆدنامە**

1-1: ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان)، هەڵسەنگاندنێکە بۆ رۆڵ و کاریگەری (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) وەك بەشێك لە میدیای ئەلیکترۆنی لەبواری کاری کۆمەڵایەتی و لێکەوتەکانی، لەروانگەی پسپۆڕانەوە شەنوکەوی لایەنە ئەرێنی و مەترسییەکانیشی کراوە. پاشان بەستبەستن بەمیتۆدی زانستی، مۆدێلێکی شیاو بۆ چۆنییەتی مامەڵەی بەرپرسیارانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەشەپێدانی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو.

1-2: کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە

sjh@univsul.edu.iq

کێشەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەجۆر و ئاستی بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لە کاری کۆمەڵایەتیدا، چونکە ئەم پرۆسەیە بەهۆی گرفت و ئاڵنگارییەکانییەوە، لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارێتی لەئەستۆدایە.

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە:"ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی تاچەند بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا کردووە؟".

لەبەر رۆشنایی ئەم پرسیارە سەرەکییەدا، توێژەر هەوڵیداوە وەڵامی شیاو بۆ کۆمەڵێك پرسیاری لاوەکی بخاتەروو کە بریتین لە:

-ئایا بایەخی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ کاری کۆمەڵایەتی چییە؟

-تاچەند هەوڵ دراوە بۆ سودبینین لەتایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدانی کاری کۆمەڵایەتی؟

-ئایا مەترسییەکانی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی چییە؟

-رێکارەکانی بنەبڕکردنی مەترسی و ئاڵنگارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چییە؟

توێژەر بەپشتبەستن بەمیتۆدێکی زانستی، وەڵامی پرسیارەکانی بەچڕوپڕی شرۆڤە کردووە.

1-3: بایەخی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت مامەڵەی میدیای مۆدێرنی وەك تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی کە لە زۆربەی سێکتەرەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە چەندین رەهەندەوە جێگەی بایەخە بۆ وڵاتەکەمان.

لێکەوتەکانی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان، بەرزبوونەوەی ئاستی تاوانەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیش، ئاستەنگی زۆری بۆ کاری کۆمەڵایەتی دروست کردووە کە پێویستی بەڕێگاچارەسەرە، ئەمەش توێژینەوەکەی بایەخدارتر کردووە.

ئەم توێژینەوانە وێرای تاوتوێی کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی و خستنەڕووی خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی، سودی بۆ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری هەیە تا هەوڵ بدەن مەترسییەکانی کۆنترۆڵ بکەن و بۆ خزمەت ئاراستەی بکەن.

توێژینەوەکە لە بابەتێکی هەستیار و فرەڕەهەند دەکۆڵێتەوە، بەدڵنیاییەوە سود و قازانجی بۆ چەندین سێکتەری کۆمەڵگاش هەیە بەتایبەت:

**-لەسەر ئاستی تاك:** هاندانی تاك بۆ هۆشیاری لەپێناو دروست بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و خۆپاریزی لەهەر جۆرە دیاردەیەکی نەشیاوی ئەلیکترۆنی. هەروەها بۆ گەشەپێدانی ئاستی کۆمەڵایەتی و وەرگرتنی زانیاری بۆ چارەسەری گرفتەکان.

**-لەسەر ئاستی کۆمەڵگا:** دروستکردنی ڕایگشتی و هاندانیان بۆ هاریکاریی لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی، فێرکردنیشیان بۆ ئەوەی چارەسەری ئاریشەکانیان بکەن.

**-لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان:** هاندانی دامەزراوە یاسایی و حکومییەکان بۆ بڕیاردانی پێویست بەئامانجی ئاراستەکردنی یاسا بۆ بەگژداچوونەوەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. هەروەها ڕێنوێنی دامەزراوە نافەرمییەکانی تایبەت بە خزمەت بەکاری کۆمەڵایەتی، بۆ پابەندبوونی زیاتر بەیاسا و بەرپرسیارێتی.

1-4: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1-خستنەڕووی ئاستی بایەخدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

2- تاوتوێی ئاراستە جۆراوجۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتی.

sjh@univsul.edu.iq

3-ناساندنی تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی.

4- دیاریکردنی خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و تاوتوێی مەترسییەکانی.

5-دەستنیشانکردنی ڕێکارە خودی و گشتییەکانی خۆپارێزی لە مەترسییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی.

1-5: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکە بەجۆری دادەنرێت، توێژەر هەوڵ دەدات بەپشتبەستن بەسەرچاوەی ئەکادیمی و بۆچوونی واقیعییانە، هەڵسەنگاندن بۆ بابەت و ڕەهەندو لێکەوتەکانی توێژینەوەکە بکرێت.

لایەنی پراکتیك، بەپشتبەستن بەمیتۆدی (گراندد تیۆری) (Theory Grounded) ئەنجام دراوە، ئەم میتۆدە پێی وایە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەیەك و دۆزینەوەی ڕێگاچارە، دەبێ پشت بەبۆچوونی پسپۆڕانی ڕەهەندە جیاوازەکانی کێشەکە ببەستین. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵگای ئامارییەکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی، دەروونناسی و یاسایی کە بەپێی پێوەری زانستی و ئەکادیمی دەستنیشان کرابوون. ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانیش لەڕێگەی هەڤپەیڤینی قوڵ و چڕوپڕ بوو لەگەڵ ئەو پسپۆڕانە، بۆ ئەوەی بەشەفافی و بێ هیچ لەمپەرێك بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو، گرەنتی پاراستنی تیروانینە تایبەتییەکانیان لەبارەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاری کۆمەڵایەتیش دراوە. پاشان دەقی سەرجەم هەڤپەیڤینەکان ڕۆنووس کرا، بۆچوونی گرنگ و سەرنجراکێشەکان بژاردە کراون لەپێناو تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) و (کاری کۆمەڵایەتی). بۆ دڵنیابوون لە (دروستی)ی چاوپێکەوتنەکانیش، سەرجەم دەقەکان بۆ خۆیان نێردراونەتەوە تا پەسەند بکرێت. لەبەر ڕۆشنایی سەرنجەکانیان ئاڵوگۆر لە هەندێ بۆچووندا کرا. پاشان بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی) ڕێژەی دروستییەکەمان دەرهێنا کە بریتییە لە (86.09%)، ئەمەش لە ڕوانگەی زانستییەوە بە پەسەند دادەنرێت.

1-6: سنور و مشتەی توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە لەرووی شوێنەوە شاری (سلێمانی)یە لە هەرێمی کوردستان. فاکتەری دەستنیشانکردنی شوێنەکە دەگەرێتەوە بۆ گەشەسەندنی کاری کۆمەڵایەتی و ئاستی ئازادی رادەربرین لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

لەرووی کاتەوە توێژەر (1ی کانوونی دووەم تا 1ی ئازاری ساڵی 2024ز) بۆ توێژینەوەکە هەڵبژارد، چونکە ماوەی گەرمی دۆسییەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانی جۆراوجۆر و باسکردنیان لەتۆڕی کۆمەڵایەتی بوو، سەرجەمیشان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆش پەیوەندییان بەڕەهەندەکانی کاری کۆمەڵایەتییەوە هەبوو.

1-7: ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لە ڕێکاری تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەدا، چەند ئاستەنگێکی هەبوو کە دیارترینیان بریتین لە:

-بەشی تیۆری: کەمی سەرچاوەی ئەکادیمی و داتای باوەرپێکراو دەربارەی دۆسییەی هەستیاری کاری کۆمەڵایەتی و شێوازی ڕوومالّی بابەتە پەیوەندیدارەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

-بەشی پراکتیکی: توێژەر لە توانایدا نییە سەرجەم پسپۆڕان بەنمونە وەربگرێت و پێویستە پەنا بۆ سامپڵ ببات، هەندێك لەو پسپۆڕانەش ئامادە نەبوون قسە لەسەر بابەتەکە بکەن.

-کەمی (توێژینەوەی پێشوو) بەهۆی تازەیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

sjh@univsul.edu.iq

1-8: تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

هەڵکشانی ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆتەمایەی بایەخدانی توێژەران بە رۆڵ و کاریگەریی میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم لەسەر کاری کۆمەڵایەتی، بەڵام وەك پێویست توێژینەوە لەسەر چۆنییەتی مامەڵەی ئەم میدیا نوێیە لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتیدا ئەنجام نەدراوە. هەندێ لەو توێژینەوانەی لە ناونیشانەکەمان نزیکن، سودیان لێبینراوە:

بەزمانی فارسی:

-(کاری کۆمەڵایەتی و مامەڵە لەگەڵ زیانەکانی ئینتەرنێتدا)، توێژینەوەیەکی (لەیلا ئوستاد هاشمی)یە کە ساڵی (2012ز) پێشکەشی کۆنگرەی میللی سایپەرسپەیس (Cyberspace) و زیانە نوێیە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە.

-(مەلەکی مینباش رزگاە، مورتزا شەهریاری): بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو کاردا لە ئێران، ئاستەنگ و دەرفەتەکان، گۆڤاری جیهانی رسانە، خولی 12، شمارە (2)، ساڵی 1396.

بەزمانی ئینگلیزی:

-Robb, Matthew. “Pause Before Posting: Using Social Media Responsibly.” Social Work Today. January-February 2011.

-InSocialWork Podcast Series. “Episode 110: Kathryn ChernackSocial Media Use and Social Work Practice: Boundary and Ethical Considerations.” University of Buffalo School of Social Work. Jan. 7, 2013.

1-9: چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك چەمك بەکارهاتوون، بەکورتی ئاماژە بۆ ماناکانیان دەکەین:

**- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مۆدێلێکی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێن کە تیایدا پەیوەندی نێوان بەکارهێنەران لەرێگەی ئینتەرنێتەوە فەراهەم دەبێت. (Boyd, 2008, P211)

**-کاری کۆمەڵایەتی:** زانست و پیشەیەکی ئەکادیمییە، ئامانجەکەی هاریکاریی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگایە بۆ پەرەپێدانی تواناسازیی کەسێتی و چارەسەری گیروگرفتەکانیان، بەشێوازێکی ئاکاری و یاسایی.

**-بەرپرسیارێتی یاسایی:** لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێك ئەرك و پابەندێتییە بەپێی یاسا دانراوە بۆ هاوڵاتیان یاخود لایەنە مەعنەوییەکان (دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان) بەمەبەستی ڕێکخستنی نێوانیان، هەر جۆرە پێشێلێکی بنەماکانی دەچێتە خانەی سەرپێچی و تاوان.

**-هەرێمی کوردستان:** هەرێمی کوردستان لە هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە پێکدێت کە ژمارەی دانیشتوانی (5.200.000) پێنج ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسە . حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکاری بە گوێرەی یاساکانی هەرێمی کوردستان پەیرەودەکات کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دارێژراون، بەشێوەیەکی دیموکراسی لە لایەن هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە. زمانی کوردی زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانە کە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی بە دوو زاراوەی سەرەکی زمانەکە دادەنرێت. لە ڕووی ئەکادیمییەوە (11) یازدە زانکۆی گشتی و چەندین زانکۆی ئەهلی مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستاندا هەن[1]

[1]- پوختەیەک دەربارەی هەرێمی کوردستان، سایتی فەرمی هەرێمی کوردستان: http://www.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=050000&r=327&p=238&h=1

**چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە**

**باسی یەکەم: رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە (کاری کۆمەڵایەتی)**

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، ئاسانکارییەکی زۆری بۆ چەندین سێکتەری کۆمەڵگا رەخساندووە، بۆ تێگەیشتنی زانستییانە لەبارەی لێکەوت و کاریگەرییەکانی ئەم پرۆسەیەش، پێویستە بەتوێژینەوەی ئەکادیمی هەوڵ بۆ شرۆڤەکردنی بدرێت، بەئامانجی خستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان و دەستنیشانکردنی رێکارێکی دروست بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەدا.

لەم بەشەدا بەپشتبەستن بە (تیۆری کاریگەری)، بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە تاوتوێ دەکەین، ئەم تیۆرە لەدەرەنجامی توێژینەوەکانی پسپۆڕی ئەمریکی (هارۆد لاسوێل) (1902-1978ز) (Harold Lasswell)ەوە لەبارەی کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵگا هاتەبەرهەم، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆماوەی جەنگی یەکەمی جیهان کە میدیا کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر تێڕوانین و رەفتارەکانی جەماوەر دروست کرد.

لەم تەوەرەیەدا، تیشك دەخەینەسەر چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی و رۆڵی لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتیدا.

**یەکەم: چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی**

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك ویبسایتن لەسەربنەمای (تەکنەلۆژیای وێب 2) (Web two technologies) کە توانای رەخساندنی تۆری پەیوەندی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی هەیە، بەتایبەتی (فەیسبووك، تویتەر، فرێند فیدز...) کە بوونەتەمایەی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی.

سەرەتای داهێنانیشی وەك تۆڕێکی پەیوەندی و میدیایی، دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوەکانی (مارك زوکەربێرگ) ( Mark Elliot Zuckerberg) کە لە (4ی نیسانی 2004ز)دا لە زانکۆی (هارڤارد) بۆ پەیوەندی ئەلیکترۆنی نێوان خوێندکاران دایمەزراند، پێشوازی گەرم لەو پرۆژەیە، هاندەرێك بوو بۆ (دەستین مۆسکۆڤتیز) (Dustin Moskovitz)ی هاوڕێی تا پرۆژەیەکی لەو چەشنە بۆ زانکۆکانی (ستانفۆرد، کۆلۆمبیا، ییل)و چەند دامەزراوەیەکیتر بەرهەم بهێنێ، ئەمەش تۆری بەربڵاوی پەیوەندی هێنایەئارا. (Alexander, 2008, P 93)

شارەزایەکیتر سەبارەت بەبایەخی میدیای ئەلیکترۆنی لەناو جەماوەردا پێی وایە: میدیا ئەلیکترۆنییەکان بریتین لەو سایتە جەماوەرییە ئەلیکترۆنییانەی کە هاوڵاتیان هەرچەندە لە ڕوانگەی کات و شوێن جیاواز بن، بەئاسانی دەتوانن زانیارییەکانیان بۆ بخەنەڕوو و ئاڵوگۆری زانیاری و بۆچوونیش لەگەڵ یەکتردا بکەن. (Koh & others, 2007, 70)

ئەکادیمیستێکیتر پێی وایە میدیای ئەلیکترۆنی بەتایبەت تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی میدیایی فرەچەشنەیە (Multimedia) بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، وتارو سەرجەم ژانرەکانیتری هونەرەکانی رۆژنامەگەری لەرێگەی تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی بەردەوام، تیایدا تەکنەلۆژیای خستنەڕووی دەق و وێنە و ڤیدیۆ و کۆمەڵێك تایبەتمەندی کارلێکییانەی تێدایە. (أمین، 2007، ص 95).

sjh@univsul.edu.iq

فاکتەری گەشەسەندنی لەسەرئاستی جیهان، ئاسانکارییەکانیەتی لە پرۆسەی مامەڵەی چالاکانەی نێوان ئەندامانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی ئاڵوگۆڕی پەیامی بەپەلە، ڤیدیۆ، چات...(نبیح، 2008، ص 94-95)

کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە کە بە قۆناغێکی نوێی مێژووی میدیا دادەنرێت، چونکە توانیویەتی سەرجەم ئامرازەکانیتری میدیا (بینراو، بیستراو، خوێنراو، ئاڵوگۆڕی داتا بەشێوەی ڕاستەوخۆ) بگرێتەخۆ. دیارترین تایبەتمەندییەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

**-برەودان بەگڵۆباڵیزەبوونی میدیایی:** واتا زەمینەسازی بۆ ئازادیی زانیارییەکان و مافی پەیوەندی، ڕەخساندنی دەرفەتێکی بێ سنور بۆ هاوڵاتیان لەپێناو سەربەستییان لە هەڵبژاردنی ئامرازەکانی میدیا و زانیاری. (حوات، 2005م، ص52). بەمانایەکیتر، هاوڵاتیان بەپێچەوانەی ڕابردوو، مافی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری و ئاڵوگۆڕی بۆچوونی لەگەڵ دەرەوەی سنوری وڵاتەکەیدا بۆ دەرەخسێت.

**-خێرایی لە پرۆسەی پەخشی پەیام:** ئەمرۆ بەئەندازەیەك پێشکەوتنی بەخۆوەبینیوە کە ئەم ئامرازانە دەتوانن وردەکاری ڕووداوەکان لەهەمان ساتی ڕووداندا پەخش بکەن، وەرگرێکی زۆریش لە ناوچە دوورەکانەوە بەشێوەی ناراستەوخۆ لەگۆڕەپانی ڕووداوەکاندا بەشداربن. (معتمدنژاد، 1394،ص 164).

بەبڕوای پسپۆڕێکیتر، چەندین تایبەتمەندیتری هەیە:

–دەرفەت بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆی خوێنەر دەرەخسێنێ لە پرۆسەی نووسیندا (بەتایبەتی لە کۆمێنت نووسیندا).

– سیمایەکی گڵۆباڵیی هەیە، وابەستە نییە بە سنووری جیۆگرافی.

– بازاڕ و بزنس دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بازاڕگەری لە ئینتەرنێتدا بکەن.

– بەئاسانی ئەرشیف دەکرێت و دەتوانرێ بەئاسانییش زانیارییەکان بخرێنەوە بەردەست.

–بە بەراورد لەگەڵ چاپکراو، بری تێچووی کەمترە.

–پێویستی بە ناوەند و بارەگا نییە بۆ ڕۆژنامەنووسان، لە سەرتاسەری جیهانەوە دەتوانن لە پەیوەندیدا بن. (ناطورية، 2015م، ص 33-34)

گەشەسەندنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە، ئاستی کاریگەرییەکانیشی لەسەر کۆی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا زیاتر کردووە، دیارترینیان زەمینەسازییە بۆ برەودان بە کاری کۆمەڵایەتییە وەك پرۆسەیەکی خزمەتگوزاریی مرۆیی.

**دووەم: چەمکی کاری کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکانی**

پرۆسەی هاریکاریی مرۆڤدۆستانە لەناو کۆمەڵگای کوردی، بەهەردوو شێوازی تاکەکەسی و هەرەوەزی، مێژوویەکی دێرینی هەیە و تائێستاش بەسیمایەکی گرنگی دابونەریتی کوردەواری دادەنرێت.

لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ئەم پرۆسەیە بەهۆی فراوانبوونی ڕێژەکەی لەناو شارەکانیشدا، وێرای خەسڵەتە کوردەواری و مرۆییەکە، چەندین ڕەهەندی ئابوری و یاسایی پەیدا کرد، چونکە کۆمەڵێك دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی، بەهێنانی دەستی کار لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر یاخود لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆسەیەی بەرەو ئاقارێك بردووە کە پێویستە توێژەران لەڕوانگەیەکی ئەکادیمییانەوە تاوتوێی لایەنە ئەرێنی و نەرێنی و ئاڵنگارییەکانیان بکات.

sjh@univsul.edu.iq

تائێستا بۆچوونی جۆراوجۆر بۆ ناساندنی کاری کۆمەڵایەتی کراوە، لە هەردوو دیدی گشتی و تایبەتییەوە خاوەنی پێناسی جیاوازە، بەواتا گشتییەکەی کەسێکی فریاخواز و یارمەتیدەر، هاوکار، بەشدارخواز و هاوسۆزە. (زاهدی، 1380، ص 78). بەمانا تایبەتییەکەی بریتییە لە پیشەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت کە زانست و پرەنسیپ و لێهاتوویی و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، ئامانجەکەی یارمەتیدانی مرۆیی، گروپ و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگایە. سەرجەم خەسڵەتەکانی وەك پەروەردە و ڕاهێنانەوە و توانابەخشی بەکەسەکان، برەودان و گەشەپێدانی تواناکان، گرنگییەکی بەرجەرستەی هەیە. (عبدالهی و دیگران، 1397، ص 209، 210)

کاری کۆمەڵایەتی بایەخێکی گرنگی بۆ کۆنترۆڵ و ڕێگەگرتن لە هەر جۆرە زیانێکی دەروونی و جەستەیی بەو کەسانە هەیە کە پێویستیان بە هاریکاری و چاودێریی مرۆییە، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی سۆشیال ۆرك پێی وایە کە کاری کۆمەڵایەتی یاخود سۆشیال ۆرك بە کارێکی پیشەیی بواری مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بۆ پرەنسیپە پیشەییەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا گونجاوە، ئەو کەس و لایەنانەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن، پێویستە بە پەیڕەویی لەم بنەما مرۆییانە کارە پیشەییەکانیان لەپێناو پاراستنی ئەو کەسانە ئەنجام بدەن کە پێویستیان بە هاوکاریی و یارمەتییە. (Healy, 2008, P 735)

کورتەی مێژوویی ئەم پیشەیە، لەسەرەتای ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە هەبووە، بەڵام بەشێوەی زانستی و ئەکادیمی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، دەوڵەتان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کۆمەڵگا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و چارەسەری گرفتەکانیان لەبواری خزمەتی کۆمەڵایەتیدا، پێویستیان بەکەسانی پسپۆڕ هەیە. فاکتەری ئەم هزرە ستراتیژییە کۆمەڵایەتییەش، پەیوەندیدارە بەسەرهەڵدانی چەندین کێشەی جیهانی وەك: جەنگی دووەمی جیهان و لێکەوتەکانی (بێ سەرپەرشتی مناڵان)، گەشەی شارنشینی و شارە گەورەکان، ڕوودانی کارەساتی سروشتی و دەرئەنجامەکانی، زیادبوونی دانیشتوان، کۆچ، گەشەی زانستی پزیشکی و هاتنەئارای ئاراستەی مۆدێرن بۆ چارەی گرفتەکان، ئاڵوگۆڕی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی... بوونەمایەی فۆرمەڵەبوونی هزری کاری کۆمەڵایەتی لە جیهاندا. بەکەسێکیش دەوترێت کە بەسودوەرگرتن لەتوانستی زانستی تیۆری و پراکتیکی خۆی، هاریکاری کەسێکی خاوەن گرفت دەکات تا توانای سەربەخۆیی و ئارامی هەبێت. کارەکانیان بەسێ شێواز پۆلێن دەکرێت:

-تاکەکەسی (Case Work): تایبەتە بەهاریکاریی کەسێك یاخود خێزانێکی دیاریکراو.

-گروپ و تیم (Group Work): یارمەتی هاوڵاتیان، خێزانەکان و کۆمەڵگایەك دەدات تا ئاستی خۆشگوزەرانی تایبەتی و کۆمەڵایەتییان بەرزبکاتەوە، ئامانجەکەی یاریدەدانی هاوڵاتانە بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان بەمەبەستی سودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی خۆیان و کۆمەڵگا بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان.

-لەسەر ئاستی کۆمەڵگا (Community): ئەنجامدانی چالاکی ڕێکخراو و ئامانجدارە بەمەبەستی کۆکردنەوەی پێداویستی دارایی و مەعنەوی و هاندانی جەماوەر بۆ بەشداری لەچارەسەری گرفتی کۆمەڵایەتیدا لە شار و گوندەکان. (شاکری زادە، 1398)

تایبەتمەندییەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بەپێی دابونەریت و یاساکانی هەر وڵاتێك گۆڕانی بەسەردا دێت، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەمەبەستی ئۆرگانیزەکردنی ماف و تایبەتمەندییەکانی ئەم پیشەیە، هاوشێوەی جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەوڵیانداوە کۆمەڵێك خەسڵەت دەستنیشان بکەن، لەو پێناوەدا جاڕنامەیەکی جیهانی بۆ پرەنسیپە ئاکاریی یاخود ئەخلاقییەکانی کاری کۆمەڵایەتی ( GLOBAL SOCIAL WORK STATEMENT OF ETHICAL

sjh@univsul.edu.iq

PRINCIPLES)، کۆمەڵێك تایبەتمەندی بەخاڵ دەستنیشان کردووە، دەشێ لە هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی یاسادا جێگەیان بکرێتەوە، هەم لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بەشێوەی ڕێنمایی یاسایی بەسەر دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکاندا بیگشتێنێ تا هەردوولا پێوەی پابەند بن (واتا ئەو کەسانەی کاری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن لەگەڵ ئەو کەسانەی پێویستیان بەخزمەتە).

تایبەتمەندییەکانیش بریتین لە:

1-ڕێزگرتن لە ماف و شکۆی مرۆڤ: کارکەرانی کۆمەڵایەتی لەسەربنەمای ڕێزگرتنە لە بەهای خودی و شکۆی هەموو مرۆڤەکان و مافەکانی تاکەکەس و هاوڵاتیان، وەك:

-مافی بڕیاردان.

-مافی ڕەخساندنی دەرفەت.

-ڕێزگرتن لە تاکەکەس و کۆمەڵگاکەی.

-ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا.

-ناسینی توانا و لێهاتوویی.

-پێکەوەیی و تەبایی نێوان تاکەکان.

2-لەبەرچاوگرتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی: لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا، ئەرکی سەرشانیانە هاوکاری هاولاتیان بکەن تا گەیشتن بە بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەك:

-دژایەتی جوداخوازی و ستەم.

-ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگا.

-دەستەبەری سەرچاوەی دارایی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.

-دژایەتی سیاسەت و هەنگاوی نادادپەروەرانە.

3-ڕاستگۆیی پیشەیی.

4-برەودان بەمافی چارەی خۆنووسین.

5-برەودان بەمافی بەشداریی.

6-ڕێزگرتن لە ڕازداری و ژیانی تایبەت

7-مامەڵە لەگەڵ خەڵك وەك کەسێتییەکی کامڵ.

8-ئیتیکی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. (IFSW, 2018)

بایەخی ئەم تایبەتمەندییانە لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتیدا، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە تا کارکەرانی ئەو بوارە هەوڵی پەیڕەویی لە پرەنسیپەکان بدەن، ئەوا گرەنتی سەرکەوتنیان زیاترە.

لەم ڕوانگەیەوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپشتبەستن بەتیۆری کاریگەری (Effect Theory) دەتوانن بەبڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی کاری کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆسەکە بڵاوبکەنەوە، هەربۆیە تەوەرەی دواتر بۆ تاوتوێی ئەم پەیوەندییە تەرخان دەکەین.

sjh@univsul.edu.iq

**سێیەم: ڕەخساندنی دەرفەتی کاری کۆمەڵایەتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا**

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، هەژموونێکی فرەرەهەندی لەسەر کۆی سێکتەرەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە، نمونەیەکی بەرجەستەش سودوەرگرتنە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار و هەوڵدانیش بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر هەر پیشەیەکی تایبەتی مرۆیی، دیارترینیان کاری کۆمەڵایەتی (Social Work) و بڕەوپێدانییەتی وەك پیشەیەکی مرۆڤدۆستانە.

لەم تەوەرەیەدا چەمك و بایەخی کاری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕەخساندنی دەرفەتەکانی بەردەمیدا شرۆڤە دەکەین.

بەبڕوای پسۆڕێك، فاکتەرێکی سەرەکی گەشەسەندنی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەناو زۆرینەی وڵاتانی جیهان، پەیوەندیدارە بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کاری نوێ (Quinton and Wilson, 2016, P15)

لەم ڕوانگەیەوە لە هەرێمی کوردستانیش، ڕۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لە زەمینەسازی بۆ کاری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانیدا، لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە.

**1- ڕەخساندنی هەلی کار:**

هەڵکشانی ڕێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان، کاریگەریی لەسەر ئاسانکاری بۆ دەرفەتی دۆزینەوەی کار لەڕێگەی ڕیکلام و پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکانەوە هەبووە، ڕۆژانە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چەندین هەلی کار ڕادەگەیەنرێت. بەبڕوای پسپۆڕێك خودی میدیا وەك بەرهەمێکی پیشەسازی، بۆ بواری فرۆش لە مارکێتێکی هەمیشە قەرەباڵغ دەچێت کە زانیاری تیادا دەخرێتەڕوو. سەرجەم کاڵاکان پێویستە نرخی بۆ ئاڵوگۆڕ و قازانج بەپێی توانای کڕیارانی هەبێت. (کیا و ڕسولی، 1388، ص 101).

لەلایەکیترەوە، دامەزراوە و کۆمپانیاکانی کار، بەسودوەرگرتن لە میدیای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتی زیاتر بۆ برەودان بە هەلی کار، پشکی بازاڕ، بەهای بازاڕ و قازانج بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. (Oztas, 2018, P822-823). بەمانایەکیتر، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەلی ناسین و هەڵسەنگاندنی دەرفەتی کاری لەپێناو گەشەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان و باشترکردنی شێوازی کار فەراهەم کردووە، ئەمەش دەبێتەمایەی گەشەپێدانی بازاڕ و قازانج. (Ehret, 2013)

ئەم تایبەتمەندییەی تۆڕەکۆمەڵاییەتییەکان، کاریگەری ئەرێنی هەبووە بۆ دۆزینەوەی کاری کۆمەڵایەتی، هەم ئەو کەس و لایەنانەی پێویستیان بەخزمەتە لەو بوارەدا، دەتوانن بەئاسانی دەستی کار دەستەبەربکەن.

**2-مافی زانین و ئاڵوگۆڕی ئەزموون**

چەندین بۆچوونی ئەکادیمی جەخت دەکەنەوە کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەشدارییەکی کارای بەدەستهێنانی مافی زانین و ئاڵوگۆڕی ئەزمووندا هەیە، ئەمەش هاندەرێکە بۆ گەشەپێدان بە خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی،

میدیای ئەلیکترۆنی دەرفەتێکی زێرینی بۆ پرۆسەی دەستەبەری سەرچاوەی جۆراوجۆری زانستی بەشێوەی ئەلیکترۆنی ڕەخساندووە، هەر بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت دەتوانێ لەڕێگەی گەرانی سێرچەوە، سەرچاوەی ئەکادیمی و زانستی دەستەبەر بکات. بەبڕوای پسپۆڕێکیش بەدەستهێنانی ئەم سەرچاوانە لە میدیاوە چەند جۆرێکن::

ا-کتێبی ئەلیکترۆنی (Electronic Books).

sjh@univsul.edu.iq

2-بڵاوکراوە خولەکییە ئەلیکترۆنییەکان (Electronic Periodicals).

3-سەرچاوە ئەکادیمییە ئەلیکترۆنییەکان (Electronic Reference)

4-کتێب و بڵاوکراوەو سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانیتر (Other Electronic Sources) (قندیلچی، 2011، ص 102)

لەم ڕوانگەیەوە ئەو کەسانەی کاری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن، بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی بەرلە پەیدابوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەشێوازێکی ئاسانتر ئامرازەکانی گەڕان بەدوای زانیاریی نوێ و ئەزموونی سەرکەوتن و ئەرك و مافەکانیان لەبەردەستاندایە.

**3-بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای هۆشیار:**

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەرهەمهێنانی هاوڵاتی هۆشیاردا هەیە، واتا بەدەربڕین و ئاڵوگۆڕی ئازادانەی هەواڵ و زانیارییەکان، دەبنەمایەی رەخساندنی ئازادیی رادەربڕین و هزر و بڵندگۆی ئاراستە جۆراوجۆرە سیاسی و کلتورییەکان، ئەم پرۆسەیەش بایەخێکی بنچینەیی بۆ هێنانەدی دیموکراسیو حکومڕانییەکی شیاو هەیە، بەم چەشنە پەیوەندی نێوان میدیا و ئازادی رادەربڕین و هاوڵاتی هۆشیار وێنا دەکرێت. (Souder, 2010, P 58)

هەندێکجار بوونی کەمتەرخەمی لە خزمەتی کاری کۆمەڵایەتیدا لەسەر ئاستی تاکەکەس یاخود تیم و دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان لە وڵاتاندا بەهەرێمی کوردستانیشەوە بەدیدەکرێت، ئەمەش دەچێتە خانەی گەندەڵییەوە. لایەنێکی ئەرێنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەوەدایە کە دەتوانێ ببێتەمایەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و ئەخلاقی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا و ببنە هاوکاری لیژنەکانی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، هەڵمەتەکانی هۆشیارسازی رایگیشتی بۆ هەمان مەبەست ئۆرگانیزە بکات. (کافي، 2016، ص 47)

بێگومان سەرجەم ئەو تەوەرانەی سەرەوە کە بریتین لە رەخساندنی کار، مافی زانین و ئەزموون و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا، بەسێ بنەما سەرەکییەکەی خزمەتی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەکاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەهەمانکاتدا هەر کەمتەرخەمی و لادانێك لەو پرەنسیپانەش ئەگەری هاتنەئارای مەترسی جۆراوجۆری لێدەکرێت کە لە باسی دووەمدا شرۆڤەی دەکەین.

**باسی دووەم: مەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەبواری کاری کۆمەڵایەتیدا**

بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لەسەرئاستی جیهان، مەترسی و ئاستەنگیشی بەهۆی خراپ بەکارهێنانەوە هێناوەتەئارا. بەبڕوای پسپۆڕێکیش، فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە هەلومەرجی ژینگەیی یاخود ژیان، چونکە کاریگەریی هەبووە لەسەر بەکارهێنان و مامەڵە بە تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندی.

خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئەمرۆ لە یاسا بەرکارەکانی سەرجەم وڵاتانی جیهان بەتاوانی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، واتا: هەرجۆرە دەستوەردان و دەستبەسەرداگرتنی بێ مۆڵەتە لەرێگەی چوونە نێو یاخود هاتنەدەرەوە ( Input and output)، هەڵگرتن و ئەنبارکردن، خستنەڕوو و ئاشکراکردنی داتا و ئەپڵیکەیشنەکانی جیهانی کۆمپیوتەرە یاخود دروستکردن و ناردنی ڤایرۆس و هاوشێوەکانی (دزیانی، 1388، ص 115)

توێژەر بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی هەرێمی کوردستان، پۆلێنی مەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی لەسەر مافە تایبەتی و گشتییەکاندا شرۆڤە دەکات.

sjh@univsul.edu.iq

**یەکەم: مەترسی لەسەر مافە تایبەتییەکان**

-ژیانی تایبەت:

سەرەتای هاتنەئارای چەمکی (ژیانی تایبەت) بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، کاتێك دوو یاسانامی ئەمریکی (سامۆئیل وارین)و (لویس براندیس) بەهۆی دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ڕووزەرد کە پێشێلــی ژیانی تایبەتی هاوڵاتییان دەکرد، توێژینەوەیەکیان لە ساڵی (1890ز) بەناوی "مافی ژیانی تایبەت" بڵاوکردەوە بە فەرمی داوای پارێزگاری لە مافی ژیانی تایبەتییان لە یاساکانی ئەو سەردەمەدا خستەڕوو.(Warren and Brandeis, 1890, Vol. IV, 1890, No. 5)

بە بڕوای (د.سامان فەوزی) ژیانی تایبەت بریتییە لە: تایبەتمەندی تاکەکان کە دەتوانن لەنێو خۆیاندا بەشێوازێکی نهێنی هەڵییگرن و دوور لە چاو و دەمی خەڵکی، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەرکەکانی ئەو تاکانەوە نییە و هیچ سودێکیش نایەتەدی بە بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنیانە کە پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتەوە هەیە، تەنها دەبێتەمایەی شێواندنی وێنە و متمانەی کەسەکە لای خەڵك. (فەوزی، 2009، لا 18.)

پسپۆڕێکی یاسا لەو باوەڕەدایە کە ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت، واتا مرۆڤ لە ڕەفتارەکانیدا سەربەست بێ و لە خەڵك بەدوور بێ، ئەویش لە چوارچێوەی یاسادا. (عامر، 2014، ص 24.)

ئەمرۆ زیانگەیاندن بەم مافە، بۆتە مەترسییەك بۆسەر هەمووان، چونکە هەڕەشە لەبەردەم پارێزراوبوونی داتاکاندا هەیە. ئاسایشی داتاکانیش پەیوەستە بە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت و چۆنییەتی پراکتیزەکردنیان. ( Schmidt, K.N & Iyer, 2015, P 452-453)

ئەو کەسانەی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدان، زۆر نهێنی و داتای کەس و لایەنەکانیان لەبەردەستدایە کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، هەرجۆرە رەفتار و بیرکردنەوەیەکی نادروست و هەڵە لەنێوانیاندا، زەمینەسازیی بۆ جۆرەها تاوانی ئەلیکترۆنی خۆش دەکات، وەك: کۆپیکردن یاخود لەناوبردنی داتا. سۆفتێ وێر و هارد وێرەکانی بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، بەئامرازەکانی ئەنجامدانی ئەم جۆرە پەلامارانە دادەنرێت (ابراهیم نژاد، 1387، ص 11)

-زیانگەیاندن بەشکۆی مرۆڤ: لەمامەڵەی کاری کۆمەڵایەتیدا، هەرجۆرە وتە و رەفتارێك کە زیان بەکەسێتی بەرامبەر بگەیەنێت، بەتاوان دادەنرێت، وەك: ناوزڕاندن، تۆمەت خستنەپاڵ و جنێودان، سوکایەتی، بڵاوکردنەوەی درۆ. (عامر، 2022، ص 14). ئەنجامدانی ئەم تاوانە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هۆیەکانی بڵاوکردنەوەشدا، بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، سزاکەی دوو هێندەیە.

**دووەم: مەترسی لەسەر مافە گشتییەکان**

-زیانگەیاندن بە بەها مرۆییەکانی نێو کۆمەڵگا

ئەمرۆ لەناو کۆمەڵگاکانی جیهاندا، چەندین بەهای مرۆیی هەن کە هەندێکیان بەشێوەی کلتور ماونەتەوە یاخود لەژێرکاریگەریی پێشکەوتنەکانی جیهاندا بۆتە ماف و بەهایەك بۆ رێزگرتن لە پیرۆزیی مرۆڤ.

مەبەستیش لەو بەها و ئەرزشە کۆمەڵایەتییانەش، ئەو رەفتار و رێوشوێنانەیە کە بەرجەستەی بەها و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگایەك دەکەن، واتا هزری هاوبەشی کۆمەڵایەتین سەبارەت بە هەرشتێك کە باش و دروست و جێی داخوازی بێت، وەك رێزگرتن لە کەسانی بەتەمەنتر. (رابرتسون، 1374، ص 64-65).

پاراستنی ئەم بەهایانەش دەبنە گرەنتییەك بۆ بنەما و مۆدیلە ئەخلاقییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتیاندا.

sjh@univsul.edu.iq

بەبڕوای توێژەر، ئەگەر چاودێریی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی منداڵیدا بەشێوەیەکی دروست ئەنجام نەدرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن، دەشێ مەترسی پەروەردەی نەشیاو بۆ منداڵان بێتەئارا. هێنانی دەستی کاری کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی بێگانەش، مەترسی پێکدادانی کلتوری و پەرەسەندنی ڕەفتاری نامۆ و نادروست لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بخوڵقێنێت.

جۆرێکیتری تاوان، بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هاندان بۆ لادان و سەرپێچی وەك: دنەدان بۆ تاوان و کەتن، پێشێلی یاسا، دژی ئاسایش و ئارامی گشتی، برەودان بەهزری توندڕەوی و تیرۆر. (الجبوری و الموسوی، 2022، ص47)

لە هەرێمی کوردستاندا، لەهەردوو یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ساڵی (2007ز) و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی (2008ز)، ئەم ڕەفتارانە دەچنە خانەی تاوانی ئەلیکترۆنییەوە:

-زیانگەیاندن بە یاسا و مافە مرۆییە جیهانییەکان: گەرموگوڕی لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە توانیویەتی سنوری دەوڵەتان ببەزێنێت، واتا دەرفەت بۆ مامەڵەی نێودەوڵەتی ڕەخسێنراوە.

ئەم تایبەتمەندییەش، هەندێکجار بۆ مەبەستی خراپ و تاوانی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە، دیارترینیان (باندی ئەلیکترۆنی)یە بۆ تاوانی جۆراوجۆر وەك: قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر، قاچاخچێتی بەمرۆڤ و داتا نهێنییەکانی کۆمپانیاکان، فرۆفێڵی ئۆنلاین، پارەسپیکردنەوە- کڕین و فرۆشی کەرەستەی نایاسایی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە. Raymond Choo, 2008, P (272)[2]. ئەم بێ سنوربییەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کێشەی بۆ دامەزراوە یاساییەکانیش خوڵقاندووە، چونکە زۆرجار کەسە تاوانبارەکە لە دەرەوەی سنوری وڵاتەکەدایە، یا ناسنامەی خۆی ون دەکات تا لە سزای یاسایی خۆی دەرباز بکات. (محمد، 2022، ل 70).

بەبڕوای توێژەر هاتنی هاوڵاتییانی بێگانە بۆ هەرێمی کوردستان لەژێرناوی دابینکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، ئەگەری ئەوە لەئارادایە هەندێ لەو هاوڵاتییانە تێوەگلابن لە هاندان بۆ توندوتیژی و تیرۆر، یاخود بۆ ونکردنی ناسنامە و خۆحەشاردانیان لەبەر تاوانی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستانیان بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژاردبێت،

**سێیەم: ڕێگاچارەی مەترسی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتی**

تائێستا ڕێوشوێنی جیاواز بۆ بنەبڕکردن یاخود کەمکردنەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێشنیاز کراوە، بەهۆی هەردوو فاکتەری (کات و شوێن) لەسەر جۆری مەترسییەکان، هەر وڵاتێك بەپێی ژینگە و هەلومەرجی خۆی، پێویستە سیاسەترێژی بۆ چارەسەر پراکتیزە بکات.

توێژەر بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی هەرێمی کوردستان، پۆلێنی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی، تاوتوێ دەکات.

---

[2]-لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتی بێگانە لە دەرەوەی وڵات هێنراون بۆ خزمەت لە کاری کۆمەڵایەتی وەك (چاودێریی منداڵ و پیر و نەخۆش)، هەندێکجار مەترسی ئەوەش هەیە کە ئەم هاوڵاتییانە بۆ کاری نەشیاو بەکاربهێنرێت، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە یاسا بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری ماف و ئەرکەکانیان بکات (توێژەر).

sjh@univsul.edu.iq

**یەکەم: ڕێکاری خودی**

پرۆسەی خۆپەروەردەکردن لەپێناو بەدەستهێنانی پسپۆڕی و ئەزموون بۆ کاری کۆمەڵایەتی، بەفاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ خۆپارێزیش لەهەرجۆرە تاوانێك کە بەرامبەری ئەنجام بدرێت یاخود بەهۆی کەمتەرخەمی و نەشارەزاییەوە دووچاری ببێت.

بەبۆچوونی پسپۆڕێکی بوارەکە، ڕێکاری خودی واتا: سەرجەم ئەو هەنگاوانەی لەپێناو پوچەڵکردنەوەی هەر هەوڵێك بۆ تاوان ئەنجام دەدرێت. یا هەر ڕەفتارێك کە دژ بە تاوانە و دەبێتەمایەی کەمکردنەوەی سەرپێچی و لادان. (صالحی، 1401، ص 2).

شێوازەکانی خۆپارێزی لە ئەنجامدانی تاوان یاخود ئەو تاوانانەی دەرهەق بەپیشەکە دەکرێت، بەچەندین شێواز هەوڵدراوە ڕێنوێنیو هۆشیاری بخرێتەڕوو، بەگشتی بەرپرسیارێتییە لەهەمبەر: ئەخلاقی گشتی، مافەکانی بەرامبەر، ژینگەی کار، دۆخە تایبەتەکان. (معارف، 1394، ص 3-4)

هەروەها ڕێکارێکیتری گرنگ، پەیرەوییە لە مۆدیلی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی (Responsibility Model Social) (Mcquail, 1993, P116)، ئەم مۆدیلە، جۆرێك لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆی بوارەکە تا ویژدانی مرۆیی بکەنە دادوەر بۆ مامەڵە و بەجێهێنانی ئەرکەکانیان.

**دووەم: ڕێکاری دامەزراوە فەرمییەکان**

دامەزراوە فەرمییەکان کە ئەرکی سەرەکییان پراکتیزەکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پێویستە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرنەبەر:

ا- ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی کاری کۆمەڵایەتی: پراکتیزەکردنی کۆمەڵێك ڕێسایە بۆ بەرنامەرێژی و بڕیاردان لەپێناو بەئاراستەدابردنی کارو مامەڵەی دامەزراوەیەك. (انسف، 1375، ص 96)

حکومەتی هەرێم پێویستە ڕێنوێنی دامەزراوەکانی تایبەت بەدابینکردنی کاری کۆمەڵایەتی بکات کە وێڕای مەشق و ڕاهێنان بەکارمەند، دەبێ چاودێریی بەردەوامیان بکرێت بەمەبەستی دڵنیایی لەپابەندبوون بەمەرجە مرۆیی و یاساییەکان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان لەکاری کۆمەڵایەتیدا.

بەبڕوای توێژەر، پێویستە پەیماننامەی شەرەف بۆ کاری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەسەند بکرێت تا ببێتە چوارچێوەیەکی ئاکاری.

ب-دانانی دەرگاوان بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: چەمکی (دەرگاوانەکان Gatekeepers) بۆیەکەمینجار لەلایەن (کورت لوین Kurt Lewin)ەوە بەکارهێنرا، بەتێروانینی ئەو کۆمەڵێك فلتەر هەن کە هەواڵەکانی پیادا تێدەپەڕن. (کازنو، 1365، ص 61).

بەبڕوای توێژەر، پێویستە لە هەرێمی کوردستان بۆ خۆپارێزی لە مەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا چەند ڕێکارێك بگرێتەبەر:

-خاوەن ئەکاونت و پەیج و وێبسایتەکان کە بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، بەرپرسن لە بابەتەکانیان، پێویستە کەسی شارەزا لە پرەنسیپەکانی یاسا و ئازادی ڕادەربڕین وەك دەرگاوان دابنێن، تا سەرجەم بابەتەکان هەڵبسەنگێنێ و پاشان بڵاوبینەوە.

-بەکارهێنەران دەبێ بەدروستی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن، چونکە بەپێی یاسا بەرپرسیارن.
-کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و مۆبایل ئاگادار بکرێنەوە بۆ فلتەرکردن یاخود کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئەو ئەکاونت و پەیجانەی زیانبەخشن.
-چاودێریی یاسایی کاری کۆمەڵایەتی:
ج-ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی: گڵۆباڵیزەبوون خەسڵەتێکی گرنگی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، بەکارهێنەران سنوری وڵاتان دەبەزێنن و لەسەرئاستی جیهان پەیامەکانیان بڵاودەکەنەوە. هەرێمی کوردستان وەك یاریدەدەرێکی ڕێکخراوە مرۆییەکانی جیهان، پێویستە ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئینتەرنێتدا مۆر بکات بۆ ڕێگەگرتن لەو پەلامارە ئەلیکترۆنییانەی زیان بەئاسایشی کۆمەڵگا دەگەیەنن، چونکە مەترسی بۆسەر ئاسایش دەبێتەمایەی گرانی و ئاڵۆزی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی.

**باسی سێیەم: بەرپرسیارێتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کاری کۆمەڵایەتیدا**

ئۆرگانیزەکردنی پیشە مرۆییەکان لەگەڵ یەکتر و دیاریکردنی ئەرك و مافەکانیان، بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەت و پارلەمان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەهاوکێشەیەکی گرنگی سیستەمی یاسا دادەنرێت.
هەر پێشێلێکی یاسا، هەردوو بەرپرسیارێتی (تاوانکاری) و (شارستانی) دەکەوێتە ئەستۆ، هۆی سزادانیش لەبەرئەوەیە کە بەهۆی بەرپرسیارێتی تاوانکارییەوە زیان بەکۆمەڵگا بگەیەنێت، لەڕووی لێپرسراوێتی شارستانییەوە زیان بەکەسێك یا لایەنێك بگەیەنێت. (ڕاوندی، 1386، ص 114)
لەهەرێمی کوردستانیشدا کە لە ساڵی (1992ز)دا پارلەمانی خۆی هەڵبژارد، کۆمەڵێك یاسا پەسەند کراوە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری بەرپرسیارێتی بەپێی سروشتی پیشە و بوارەکان.
لەم باسەدا بەشێوەیەکی پوخت، ئاماژە بەرپرسیارێتییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەین

**یەکەم: بەرپرسیارێتی شارستانی**

لە ئەنجامی پێشێل و سەرپێچی یاسا شارستانییەکان دێتەئارا، زیانگەیاندنەکە ماددی یا مەعنەوی بێ، ئەوا کەس و لایەنی زیانبەخش پێویستە قەرەبووی زیانلێکەوتوو بکاتەوە بەمەرجێك سکاڵا تۆمار بکرێت چونکە بنەمایەك هەیە دەڵێت:"دادبینی مەدەنی، دادبینییەکی داواکراوە". بەگشتی ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە دژ بە مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی ئەنجام دەدرێت (الهیتی، 2011، ص33).
مەبەست لەم بەرپرسیارێتییە: پابەندکردنی کەسێکە بۆ قەرەبووی ئەو زیانانەی بەکەسانیتری گەیاندووە. (رمضان، 2023، ص81). لەم دۆخەدا مافی تۆماری سکاڵا هەیە، بۆنمونە کەسێك لە کاری کۆمەڵایەتیدا کاردەکات، تۆمەتێکی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ هەڵدەبەستن یا مافێکی پێشێل بکرێت، دەتوانێ داوای قەرەبووی زیانە دارایی و مەعنەوییەکانی بکاتەوە.
سزای (قەرەبوو) لێستاندنی برە پارەیەکە لە کەس و لایەنی زیانبەخش بۆ زیانلێکەوتوو، دەشێ قەرەبووەکە مەعنەوی بێت وەك داوای لێبوردن و پۆزش. لەم سزایەدا دەسەڵات دراوەتە دەست دادوەر تا ویژدان لە دیاریکردنیدا بەکاربهێنێ، بۆ نمونە

sjh@univsul.edu.iq

زۆرترین یاخود کەمترین قەرەبوو دابنێ. دادوەر بەلایەوە گرنگە لە قەرەبوودا هەردوو مەسەلەی (قەوارەی زیان) و (ڕەزامەندی کەس و لایەنی سکاڵاکار و دۆخی سکاڵالەسەرکراو) لەبەرچاو بگرێت.

گرنگترین بنەماکانی دیاریکردنی قەرەبوو لەلایەن دادوەر، بریتین لە:

- بڕی قەرەبوو بەپێی قەبارەی ئەو زیانەیە کە بڵاوبوونەوەی بابەتێك دێتەئارا.

-دەشێ قەرەبووەکە بەهەردوو شێوازی (ماددی) و (مەعنەوی) بێت. واتا کەس و لایەنی زیانلێکەوتوو، دەتوانن لەڕووی ماددییەوە داوای "پارە" بکەن، یاخود قەرەبووی (مەعنەوی) بکرێنەوە وەك داوای "لێبوردن و ڕاستکردنەوە".

-قەرەبوو بۆ کەس و لایەنی زیانلێکەوتووە.

-بڕی قەرەبوو بەپێی "کەس و لایەنەکان"، "کات و شوێنی بڵاوبوونەوەی بابەتە زیانبەخشەکە" گۆڕانی بەسەردا دێت. .

-دادوەر لە دادگادا بڕی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی دەستنیشان دەکات.

لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007)دا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بۆ دەستنیشانکردنی کەمترین و زۆرترین بڕی قەرەبوو بۆ کەس و لایەنی زیانلێکەوتوو دیاری نەکردووە، ئەمەش دەستی دادوەری واڵا کردووە تا بگەڕێتەوە بۆ یاسای مەدەنی. (محەمەد، 2017، لا 64)

هەندێکجاریش سکاڵاکار چاوپۆشی لە مافە مەدەنییەکەی و قەرەبوو دەکات، بەپێی بۆچوونێکی یاسایی: لێخۆشبوونی سکاڵاکار بە داواکردنی زیانەکان، وادەکات مافی قەرەبووکردنەوەی نەمێنێت و سکاڵا بەمافێکی گشتی دەمێنێت. (سەعید، 2020 ،لا163).

**دووەم-بەرپرسیارێتی تاوانکاری**

ڕۆڵی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ڕێگەگرتن لەهەر ئازار و دەستدرێژی و واتەواتێکی بێ بنەمای دامەزراوەکان بەگرنگ دادەنرێت، دەوڵەتان دەتوانن تۆڕی کۆمەڵایەتی بەپێی گونجانیان یاخود پێشێلی پرەنسیپە یاساییەکان، دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی ئابوری هەڵبسەنگێنێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاریی شیاو (Marlin- Bennett and Thornton, 2012, P495)

بەپێی یاسای سزادان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، دوو جۆر سزا دەگرێتەوە:

-غەرامە: لێستاندنی بڕە پارەیەك لە کەس و لایەنی سەرپێچیکار بۆ خەزێنەی دەوڵەت بەپێی یاسا.

-زیندانی: گلدانەوە و دەستبەسەرداگرتنی کەسانی تاوانبارە بەمەبەستی دوورخستنەوەی لە کۆمەڵگا و چاکسازی ڕەفتارەکەی.

ماددەکانی (25 و 26 و 27)ی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموارکراو، جۆرەکانی سزای زیندانی لەخۆگرتووە.

**سێیەم: بەرپرسیارێتی کارگێری**

دەوڵەتان لە ڕێگەی دامەزراندنی لیژنەی چاودێری، سانسۆری کارگێری دەخاتە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لەلایەن وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە ڕادەسپێردرێن کە بەپێی فەرمانی کارگێری، کار بەبنچینە و پرەنسیپەکانی یاساکانی چاپەمەنی دەکەن. (داقوقی، ص115)

هەرچەندە لایەنێکی گەشی تۆڕی کۆمەڵایەتی، تێکشکاندنی سانسۆرە کە دەوڵەتانی دیکتاتۆر و بەسەر میدیای کلاسیکدا سەپاندوویانە، بەڵام هەندێکجاریش ئەم بێ سنورییە بۆتەمایەی خۆونکردنی تاوانبار و بەکارهێنانی وەك ئامرازی تاوان، لەم

ڕوانگەیەوە حکومەتی هەرێم ئەرکی سەرشانییەتی کە لەڕووی کارگێرییەوە فلتەرینگی پەیج و ئەکاونتە مەترسیدارەکان بکەن کە بێ ناسنامەن، پێشێلی پرەنسیپەکانی ئیتیك و یاساش دەکەن.

**بەشی پراکتیك: هەنگاوە مەیدانییەکانی میتۆدی زانستی توێژینەوەکە**

باسی یەکەم:

تاوتوێکردنی دۆسیەیەکی گرنگی تایبەت بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کاری کۆمەڵایەتیدا، پێویستی بەگفتوگۆی چڕوپڕو قوڵ هەیە لەگەڵ پسپۆڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، تا بتوانرێ ڕەهەندەکانی تاوتوێ بکرێت، مۆدیلێکیش بۆ مامەڵەیەکی دروست بۆ ئێستا و ئایندە بخرێتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی (جۆری- qualitative)، بەپشتبەستن بەمیتۆدی (Grounded Theory) هەوڵیداوە مۆدیلێکی شیاو بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێشکەش بکات بەئامانجی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیای پەیوەندییە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی لەبواری کاری کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی خۆپارێزی لە مەترسییەکانیشی. پێکهاتەی توێژینەوەکەش بریتییە لە:

**یەکەم: قۆناغەکانی پراکتیزەکردن**

1-قەوارە و جۆر و سنوری کۆمەڵگای توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوەکەمان کە بەڕێبازی (نمونەوەرگرتنی ئامانجدار)ە، دیاریکردن و هەڵبژاردنی نمونەکانیش بۆ چاوپێکەوتن، بەپێی کۆمەڵێك پێوەری ئەکادیمییە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا.

هەربۆیە توێژەر لە یەکەمین هەنگاوی پراکتیکیدا. هەڤپەیڤینی قوڵی لەگەڵ (24) پسپۆڕی بوارە جیاوازەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، یاسایی)دا ئەنجام داوە تا لەڕووی بۆچوون و داتاوە بگەینە خاڵی تێری (Saturation Point)، واتا سەرجەم ڕەهەندەکانی بابەتی توێژینەوەکە باس کراوە.

-ڕاستی و جێگری بۆ هەڤپەیڤینەکان

ڕاستی (Validity): بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی هەڤپەیڤینەکان لەڕووی ئەکادیمییەوە، بەشێوازێکی زانستیانە (دروستە ڕواڵەت) و (دروستە ناواخن) بۆ دیدارەکان ئەنجام دراوە.

بۆ (دروستە ڕواڵەت)، ڕاوێژمان بەشێوەیەکی فەرمی لە دوو ئەکادیمیستی بیانی وەرگرت تا شێوازی پرسیار و ناواخنی زانستی چاوپێکەوتنەکانیان پەسەند کرد[3].

بەمەبەستی (دروستە ناواخن)، دەقی چاوپێکەوتنەکان دوای ڕۆنووس و بەراورد، بۆچوونی هەڤپەیڤوانەکان ( Member Check) وەرگیرا بۆ پەسەندکردنیان.

-جێگیری (Reliability): توێژەر سەرجەم کۆدەکانی توێژینەوەکەی بەپشتبەستن بە هاوکێشەی هۆڵستی واتا ( Percentage of Agreement Observation-PAO) دەرهێناوە، بەم هاوکێشەیە:

3- ڕاوێژ لەگەڵ ئەم دوو پسپۆڕەدا کرا (د.مهدی سدقی، د.محەمەد زەریفیان) کە دکتۆرایان لە بواری میدیا لە زانکۆی تاران هەیە.

sjh@univsul.edu.iq

$$PAO=2M / (N1+ N2) \times 100=$$
$$=2 \times 130/ (144 + 158) \times 100=86.09$$

ئەم ئەنجامەش (86.09%) ڕێژەیەکی دروست و پەسەندە.

2-هەنگاوەکانی پرۆسەی کۆدگوزاری بەپێی میتۆدی توێژینەوەکە

ا-کۆدگوزاری کراوە یاخود واڵا (Open Coding):

ئەم قۆناغە یەکەمین هەنگاوی میتۆدی (گراوندد تیۆری)یە بۆ ڕۆنووسی بۆچوونە جۆراوجۆرەکان لەناو دەقی چاوپێکەوتنەکاندا، پاشان لێوردبوونەوەو سەرنجدانێکی ورد و هەڵبژاردنی بۆچوونە گرنگەکانی نێو دەقی چاوپێکەوتنەکان کە بە کۆد ناودەبرێت.

لەم پرۆسەیەدا (158) کۆدمان لە (24) چاوپێکەوتن دەستخستووە، لە خشتەی ژمارە (1)دا نمونەی وتە هەڵبژاردەکانی یەکێك لەو چاوپێکەوتنانەمان خستۆتەڕوو کە بریتییە لە (18) کۆد:

| ژ | سامپڵێکی (کۆدگوزاری کراوە) بۆ چاوپێکەوتنێك بەپێی میتۆدی (گراندد تیۆری ) |
|---|---|
| 1 | تۆڕی کۆمەڵایەتی کارئاسانی بۆ کاری کۆمەڵایەتی کردووە |
| 2 | تۆڕی کۆمەڵایەتی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پیشەیی |
| 3 | تائێستا سایت و پەیجی تایبەت بەسێرڤسی کاری کۆمەڵایەتی لەئاستی پێویستدا نییە |
| 4 | پێویستە میدیای ئەلیکترۆنی بخرێتە خزمەت پیشەی کاری کۆمەڵایەتی |
| 5 | نەبوونی چاودێری، گرفتی بۆ خراپ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی خوڵقاندووە. |
| 6 | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی ئاڵوگۆڕی زانیاریین بۆ سەرجەم پیشەکان |
| 7 | خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی هەیە |
| 8 | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك مەترسی بۆ ئاکاری پیشەیی دروست کردووە. |
| 9 | مەترسی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی لەسەر مافەکانی تاکەکەس هەبووە |
| 10 | مەترسی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی لەسەر مافە گشتییەکان هەبووە |
| 10 | ئاستی مەترسییەکان بەپێی ئاراستە و سیاسەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جیاوازە |
| 11 | تائێستا یاسا نەیتوانیوە بەتەواوەتی کۆنترۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی بکات. |
| 12 | کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەمپەرە لەبەردەم کاری کۆمەڵایەتی |
| 13 | دامودەزگا حکومی و مەدەنییەکان لاوازن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی میدیایی بۆ خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی |
| 14 | زۆریی پەیامەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەمپەرە لەبەردەم دۆزینەوەی ئەو پەیج و ئەکاونتانەی خزمەت بە کاری کۆمەڵایەتی دەکەن. |
| 15 | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەك پێویست نەیتوانیوە بایەخی کاری کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو |
| 16 | هاوڵاتیان مامەڵەیەکی هۆشیارانە لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتیدا ناکەن. |

| | |
|---|---|
| 17 | کەمتەرخەمی لە دابینکردنی مافەکانی کاری کۆمەڵایەتی، کاریگەریی نەرێنی هەیە. |
| 18 | پێویستە پلان بۆ ئاراستەکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی هەبێت |

خشتەی ژمارە (1): سامپڵێك لە (کۆدگوزاری کراوە) بۆ چاوپێکەوتنێك.

***کۆدگوزاری تەوەرەیی (Axial coding)**

لەم قۆناغەدا بۆچوونی نێو هەڤپەیڤینەکان بەپێی میتۆدی توێژینەوەکە پوختە کراونەتەوە، تا سەرجەم کۆدەکانی قۆناغی پێشوو (کۆدگوزاری کراوە) بەپێی تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە پۆلێن بکرێن.

***کۆدگوزاری بژاردە (Selective coding)**

دواقۆناغی میتۆدی (گراندد تیۆری)یە، سەرجەم کۆدەکان بۆ دواجار بژاردەمان کرد و بەسەر (6) تەوەرەی سەرەکیدا پۆلێن کران، بەمەبەستی گەیشتن بەبەرهەمهێنانی مۆدێلێکی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە کاری کۆمەڵایەتی. هێڵکاری ژمارە (1) بەپشتبەستن بەمیتۆدی توێژینەوەکە، تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم مۆدیلە بریتین لە:

**1- مەسەلەی سەرەکی (Subject):**

**(بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان).** بەپێی شرۆڤەی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، چەندین خاڵی گرنگ هەیە کە پێویستە ڕەچاو بکرێن:

-تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە، کۆمەڵێك دەرفەتی بۆ کاری کۆمەڵایەتی ڕەخساندووە بەتایبەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون.

-کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی، بەهەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی بووە، ئەوەش پەیوەستە بەچۆنییەتی مامەڵەی هەردوو بوارەکەوە.

-خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چەندین مەترسی بۆ کاری کۆمەڵایەتی دروست کردووە، بەتایبەت لەسەر مافە تایبەتی و گشتییەکان، هەربۆیە پێویستە لەسەرئاستی تاکەکەس، دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان کە ڕێکاری بەگژداچوونەوەی ئەو مەترسییانە بگرنەبەر.

-گرنگترین ڕێکارەکان لەهەمبەر مەترسی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بریتین لە: خۆپارێزی خودی، بەرنامەڕێژی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ برەودان بەهۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ستراتیژی دامەزراوە حکومییەکان بۆ یاسای نوێ و ڕێنمایی تازە بەمەبەستی ئاراستەکردنی تۆڕەکۆمەڵاتییەکان کە خزمەت بەکاری کۆمەڵایەتی و سێکتەرەکانیتری کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا بکات.

**2- پەیوەندیی هۆکاری (Casual Conditions):**

**(بەرپرسیارێتی و مەترسی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی).**

بەپێی شرۆڤەی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، پەیوەندیی هۆکارییەکە بەم چەشنەیە:

-هەڵکشانی ئاستی بەرپرسیارێتی بەکارهێنەرانی تۆڕیکۆمەڵایەتی، خزمەت بەکاری کۆمەڵایەتیش دەکات.

-لاوازی بەرپرسیارێتی، ڕێژەی مەترسی بۆسەر کاری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.

-پراکتیزەکردنی یاسای توندوتۆڵ و ڕێنمایی نوێ لەسەربنەمای ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، گرەنتییە بۆ چەسپاندنی زیاتری بەرپرسیارێتی میدیایی لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتی.

**3-فاکتەری زاڵ (Intervening Conditions):**

**(سیستەم و مۆدیلی حکومڕانی)**

شرۆڤەی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، ئاماژەن بۆ ئەو ڕاستییەی کە (سیستەم و مۆدیلی حکومڕانی) وەك فاکتەرێکی زاڵ لە هەرێمی کوردستان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی بەرپرسیارێتی میدیاش لەهەمبەر کاری کۆمەڵایەتیدا هەیە. لەهەمانکاتدا لاوازیی بەرپرسیارێتی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوون ستراتیژی حکومی بۆ ئاراستەکردنی کاری کۆمەڵایەتی، ناکارایی و ئاستەنگی زۆر لەبەردەم هێنانەدی ئامانجەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بۆتەمایەی قەیرانی هۆشیاری لەکۆمەڵگادا، ئەمەش مەترسییەکانی زیاتر کردووە.

**4- ستراتیژ (strategic):**

**(ئاراستەکردنی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئامانجە ناوخۆیی و مافە مرۆییە جیهانییەکان).**

کۆدی چاوپێکەوتنەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێویستە حکومەتی هەرێم، ستراتیژێکی فراوانتر و دوورمەوداتر بۆ ئۆرگانیزەکردنی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئامانجە ناوخۆیی و مافە مرۆییە جیهانییەکان بگرێتەبەر. قەیرانی ستراتیژ، ئاستی بەرپرسیارێتیش لاواز دەکات.

**5- هەلومەرج یاخود ژینگە (situation):**

**(لاوازی چاودێریی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵکشانی قەیرانەکان).**

کۆدی چاوپێکەوتنەکان جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکەنەوە


-نەبوون یاخود لاوازی سیستەمێك بۆ چاودێریی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، گرفتی زۆری خوڵقاندووە بۆ کاری کۆمەڵایەتی.

-زیادبوونی قەیرانە جۆراوجۆرە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، سێکتەرەکانی کۆمەڵگای دووچاری گرفتی گەورە کردۆتەوە وەك: زیادبوونی قەیرەیی و تەڵاق، شەڕ و ئاژاوە، ناکۆکی و ناتەبایی، کێشەی بژێوی، وازهێنان لەخوێندن، بێکاری... ئەمانەش بوونەتەمایەی قورسبوونی ئەرکی کاری کۆمەڵایەتی.

**6- دەرەنجام (Consequences):**

**(پابەندبوون بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی).**

زۆرینەی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، جەخت لەسەر زیادبوونی مەترسییەکان و سستی ئاستی بەرپرسیارێتی دەکەنەوە، پێشنیازیان وایە کە لەپێناو ئاراستەکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا، دەبێ تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکرێتە سەرمەشق لە سەرجەم ڕەهەندەکاندا.




هێڵکاری ژمارە (1): بەرهەمهێنانی مۆدیلێك بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد)، دەربارەی بەرپرسیارێتی و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەبواری دەرفەتی کار لە هەرێمی کوردستاندا، خستنەڕووی ستراتیژێك بۆ ئاراستەکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی کاری کۆمەڵایەتی.

### ئەنجامەکان

لە شرۆڤەی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەکۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ گەیشتووە کە بریتین لە:

-بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەئاستێکی بەرزدایە، دەتوانێ ببێتە ئامرازێك بۆ پەرەپێدانی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

-تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی نوێی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون و هۆشیاریی زیاتر ڕەخساندووە تا کاری کۆمەڵایەتی گەشە بەتواناکانیان بدەن.

-تۆڕی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ڕۆڵی چاودێر ببینێ بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کاری کۆمەڵایەتی.

-ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانن بەسودوەرگرتن لەتۆڕی کۆمەڵایەتی، خولی ئەلیکترۆنی بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی ئەو کەس و لایەنانە بکەنەوە کە کاری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن.

-سیاسەترێژی دامەزراوە حکومییەکان بۆ ئۆگانیزەکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، دەتوانرێ بۆ خزمەت بەکاری کۆمەڵایەتیش ئاراستە بکرێت.

-دەرفەتی کار وێڕای لایەنە ئەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چەندین مەترسی و ئاستەنگیشی بۆ مافە تایبەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگا هێناوەتەئارا.

-ژینگەی کۆمەڵگا و ئاستی بژێوی، کاریگەریی لەسەر ئاستی قەیرانەکانیش هەیە، هەتا قەیرانیش زیاتر بێ، ئەرکی کاری کۆمەڵایەتی دژوارتر دەبێت.

-لاوازی فلتەرینگ و بەدواداچوونی یاسایی، مەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی لەسەر پێشیلی ژیانی تایبەت، شکۆ و ڕێزی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا زیاتر کردووە.

-ڕێکاری خودی بۆ خۆپاراستن لە زیانەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەئەرکی کاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

-پراکتیزەکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، دەتوانێ تۆڕی کۆمەڵایەتی ئاراستە بکات بۆ خزمەت بەکاری کۆمەڵایەتی و هاندانی دەسەڵاتی یاسایی و جێبەجێکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان.

پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

1-لەسەر ئاستی کاری کۆمەڵایەتی:

-هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی میدیا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئەو کەس و لایەنانەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن (وەك: خولی هۆشیاریی یاسایی، سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی...)

-دامەزراندنی پەیج و ئەکاونتی تایبەت بەهۆشیاریی کاری کۆمەڵایەتی.

-گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی شەرەفی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

- دامەزراندنی سەنتەرێکی پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی بۆ پرس و ڕاوێژ سەبارەت بەچۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ گیروگرفتە نوێیەکان.

-خۆپارێزی ئەو کەسانەی کاری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن لەهەر جۆرە مەترسییەکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەڕێگەی پابەندبوون بەماف و ئەرکە مرۆیی و یاساییەکانیان.

2-لەسەر ئاستی کۆمەڵگا

-پێویستە میدیاکان هان بدرێن بۆ تەرخانکردنی بەرنامەی زیاتر بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگا.

-بەکارهێنەرانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگادا، ئاگادار بکرێنەوە لە بەرپرسیارێتییە یاساییەکانیان، لەهەمانکاتدا هاندانیان بۆ خۆپارێزی لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

-هاندانی کۆمەڵگا بۆ هاریکاریی زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن.

3-بۆ دامەزراوە فەرمییەکان

-هاندانی داواکاریی گشتی بۆ چاودێری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەکاتی بەرنامەرێژی یاخود ئەنجامدانی تاواندا، بۆ سزادان و ڕێگری لە تەشەنەسەندنی.

-بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێگری و فلتەرینگی پەیجە مەترسیدارەکان.

-پابەندکردنی زیاتری کۆمپانیاکانی پەیوەندی بە چاودێری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

-هاندانی حکومەت بۆ تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بەگەشەپێدانی کاری کۆمەڵایەتی

-سیاسەترێژی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتەکانی ئێستای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە لێکەوتەی لەسەر سێکتەرەکانی کۆمەڵگا هەیە.

sjh@univsul.edu.iq

**سەرچاوە کوردییەکان:**

1. د.سامان فەوزی: ڕاگەیاندن لە سایەی یاسادا، لە بڵاوکراوەکانی چوارچرا، چاپی یەکەم، 2009.
2. د. کارزان محەمەد: ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، دەزگای جەمال عیرفان، چاپی دووەم، 2017.
3. د. کارزان محەمەد: مەترسییەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (15)، 2023.
4. دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید: شرۆڤەی ماددەکانی یاسای سزادانی عێراقی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

1. أمين، رضا عبد الواحد، الصحافة الإلكترونية، (دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2007.
2. الجبوری، حسام حازم ، د.سعد معن الموسوی: التحريض فی وسائل النشر و كيفية مواجهتة امنيا، الطبعة الثانية، بغداد، 2022.
3. رمضان، د.محمد: المسئولية المدنية لوسائل الاعلام و الاعلاميين، القاهره، الطبعة الاولى، 2023.
4. داقوقی، ابراهيم: قانون الاعلام، وزاره التعليم العالی و البحث العلمی، جامعه بغداد بدون سنه طبع.
5. عامر، د.فتحی حسين: المسئولية القانونية و الآخلآقية للصحفي، القاهرة، 2014.
6. عامر، د.فتحی حسين: المسئولية الجنائية عن جرائم الاغتيال المعنوى في مجال الآعلام، القاهرة، 2022.
7. قنديلجی، عامر ابراهيم: مصادر المعلومات الوصول الى المعلومات، عمان،2011.
8. كافي، مصطفى يوسف (الدكتور): الاعلام و الفساد الاداري و المالي و تداعياتة علي العمل الحكومي، الطبعة الاولي،2016، الاردن.
9. ناطورية، د. علاء الدين: مدخل الي الصحافة الاكترونية، دار زهران للنشر، الطبعة الاولی، 2015م.
10. نبيح، أمينة (الدكتور): الاتصال الرقمي و الاعلام الجديد (موقع Facebook نموذجا)، عمان، 2018.
11. الهيتی، د.محروس نصار: النظريه العامه للجرائم الاجتماعية، مكتبه السنهوری، 2011.

سەرچاوە فارسییەکان:

1. ابراهيم نژاد، محمد: جنگ سايبر و تروريسم در فچای سايبر، دانشگاه اما حسين، 1387.
2. دزيانی، محمدحسن، جرائم رايانه ای، سازمان مديريت و برنامه ريزی، جلد اول. 1388.
3. رابرتسون، يان(1374). درآمدی بر جامعه (با تاكيد بر نظريه های كاركرد گرايی،ستيز و كنش متقابل نمادی)، ترجمه حسين بهروان، چاپ دوم، مشهد، نشر آستان قدس رضوی.
4. زاهدی اصل: گزارش كارگاه اموزش مشترك يونسيف و سازمان، 1380، تهران.

5. شاكرى زاده، فريبا: مددكارى اجتماعى چيست؟، 1398، سايت تخصصى توان درمانى
6. صالحى، مرجان: بررسى و تحليل اصول و مبانى مددكار اجتماعى با استفاده از سياست جنايى در كاهش جرم در جامعه، مجله قانون يار، شماره 21، سال 1401.
7. معارف، معصومه وند و ديگران: اصول اخلاقى در حرفه مددكارى اجتماعى، 1394 ، ناشر: رسانه تخصصى.
8. ژان كازنو: جامعه‌شناسى وسايل ارتباط جمعى، ترجمه: باقر ساروخانى و منوچهر محسنى، تهران 1365.
9. عبدالهى و ديگران: پيشگيرى اجتماعى از بزهكارى اطفال با تأكيد بر نقش پليس ويژه اطفال، انتظام اجتماعى سال دهم، بهار 1397، شماره 1.
10. مك‌دانل و انسف (1375)، استقرار مديريت استراتژيك، ترجمه: عبدالله زنديه، چاپ اول، انتشارات سمت.
11. مهدى كريميان راوندى: مسؤوليت مدنى روزنامه‌نگاران، نشر دادگستر، چاپ اول 1386.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Alexander, B. (2008). "Web 2.0: A New Wave of Innovation for Teaching and Learning", University of Southern California, October.
2. Boyd, Danahm. & Ellison, Nicole B: Social Network Sites: Definition, History and Scholarship, Journal of Computer-Mediated Communication ,2008, Vol.13.
3. Souder, Lawrence (2010) 'A Free-market Model for Media Ethics: Adam Smith's Looking Glass', Journal of Mass Media Ethics.
4. -Koh, J.; Kim, Y.; Butler, B. & Bock, G. (2007). Encouraging Participation in Virtual Communities. Communications of the ACM, Vol. 50, No2.
5. LM: Exploring the history of social work as a human rights profession. International social Healy work. 2008;51(6):735-48.
6. Ehret, M., Kashyap, V. & Wirtz, J. (2013). Business model impact on business markets and opportunities for marketing research. Industrial Marketing Management, 46 (3): P (233-242)
7. Schmidt, K.N & Iyer, K (2015): Online behavior of social media participants, and perception of trust, comparing social media brand community groups and associated organized marketing strategy. Social and Behavioral Sciences, 077: 456-452.
8. Raymond Choo, K.K. (1111). Organised Crime Groups in Cyberspace: a Typology. Trends Organ Crime. 33.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

9. Oztas, Y. B. B. (2018). The increasing importance of mobile marketing in the light of the improvement of mobile phones, confronted problems expectations. Social and Behavioral Sciences, 023: 0822-0875.
10. Mcquail, D: Mass Communication Theory, 1993.
11. Marlin- Bennett, R. & Thornton, E. N. (6806). Governance within social media websites: ruling new frontiers. Telecommunications Policy, 52: 425- 380.
12. Quinton, S. & Wilson, D. (6802). Tensions and ties in social media networks. Towards a model of understanding business relationship development and business performance enhancement through the use of LinkedIn. Industrial Marketing Management, P 15-24.

**Web:**

1. Warren and Brandeis: The Right to Privacy, Harvard Law Review, Vol. IV, 1890, No. 5, http://groups.csail.mit.edu/mac/classes/6.805/articles/privacy/Privacy_brand_warr2.html
2. GLOBAL SOCIAL WORK STATEMENT OF ETHICAL PRINCIPLES, 2018 https://www.ifsw.org/global-social-work-statement-of-ethical-principles/

یاساکان

1. یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەمووارکراو.
2. یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی (1998).
3. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (3)ی ساڵی (2006) لە هەرێمی کوردستان.
4. یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007) لە هەرێمی کوردستان.
5. یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن ژمارە (6)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان.
6. یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری ژمارە (11)ی ساڵی(2013) لە هەرێمی کوردستان.
7. یاسای مافی دانەرو مافە هاوسێکانی ژمارە (17)ی ساڵی (2012) لە هەرێمی کوردستان.

**Abstract:**

Due to the development of communication technology, media science has an effective role in providing many services to society, the most obvious of which is to facilitate the exchange of messages and awareness processes of citizens, especially in finding job opportunities. The main topic of this research, the legal responsibilities of electronic media towards social work service in the Kurdistan Region, in a scientific method, tries to discuss the purpose of the research and focuses on the legal duties and roles of electronic media, especially social networks, in the awareness of social workers towards their duties, discipline, rights, and responsibilities. The problem of the research, in addition to determining the legal duties and rights of the media in this field, is how to direct the media to solve the problems facing social work services in the Kurdistan Region. The first part of the study discusses the role of social networks in promoting social work services. It presents the concept of social networks and their characteristics, as well as the role of social networks in creating social work job opportunities. The second part is about the dangers of social networks on social work services. Individual and public rights are evaluated in light of the laws of the Kurdistan Region and Iraq. In the third part, the responsibilities of social networks towards social work are discussed from both professional and legal perspectives. In the practical section, based on grounded theory and through in-depth discussions with experts, we presented an appropriate model to determine the responsibilities of the media, to develop human capacity for social work for now and in the future in the Kurdistan Region. At the end of the study, several recommendations for directing electronic media for the reform and development of social work services are presented.

**Keyword**: Electronic media Responsibility, Social Work, Kurdistan regional